## وەڵامێکی پوخت بۆ شاخەوان شۆڕش:

هەرچی لە (ڕۆژنامە، گۆڤار، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ و بیرەوەری) نووسراو گوترا، مەرج نییە هەمووی ڕاست بن و هەرگیز سەدا سەد نابنە بەڵگە و ناکرێ تەواو پشتیان پێ ببەسترێت، چونکە کەسانێک دەیاننووسن یان قسە لەسەر بابەتەکان دەکەن کە مەرج نییە زانیاریی بێ کەموکوڕییان هەبێت، یاخود بەڕاستگۆیی ڕووداوەکان بنووسنەوە و قسەیان لەسەر بکەن. شاخەوان، کۆمەڵێک ڕۆژنامەی دانمارکی وەکو بەڵگەنامە نیشان دەدات، کە چەندان هەڵەیان تێدایە، بۆیە هەردەم دەبێ ئەوەندەی بکرێت ڕاستییەکان هەڵبژێردرێن ئینجا وەکو سەرچاوەی بێلایەن بۆ نووسینی ئەکادیمی بە بەڵگە بکرێن، بۆ نموونە گەر تەواوی هەواڵی ڕۆژنامە و کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانی دانمارک کۆبکەینەوە بە دەیان درۆی تیایە، چونکە یەکێکیان دەڵێ نزار خەزرەجی لە دانمارک چووە ئەڵمانیا، لەوێوە بۆ ئیسپانیا ئینجا بۆ قەتەر، ئەوەی تریان دەڵێ چووە سوید، لەوێوە بۆ سوریاو دواتر بۆ کوێت، هی تر هەیە دەڵێ چۆتە سوید، ئیسلاند، سوریا دواجاریش کوردستان.

بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەران دەڵێم: (نزار خەزرەجی بەعسیەکی درۆزنی گەورەی بێئاگا بووە، چونکە درۆی بێژماری بە ئەنقەستی بۆ بەرژەوەندی خۆی کردووە، درۆکانی ئاشکرا و دژ بە یەک بووینە، نموونەش چاوپێکەوتنەکانی خۆیەتی لە کەناڵە عەرەبییەکان و بەتایبەت سەبارەت بە بۆردومان کردنی هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی، کە لە چاوپێکەوتنی ڕۆژی (10.11.2001)ی دانمارک لەگەڵ (ئێم بی سی)، باسی ئەوە دەکات کە فڕۆکەکانی حکومەتی بەعس کیمیابارانی هەڵەبجەیان کردووە، کەچی لە ڕۆژی (3.5.2022)دا بۆ کەناڵی (العربي) باسی ئەوە دەکات کە گوایە ئێران هەڵەبجەی کیمیاباران کردووە نەک ئێراق). نازانم بۆ شاخەوان باوەڕ بە نزار خەزرەجی ناکات کە خۆی بۆ دەسەڵاتدارانی دانمارکی باسی کردووە، کە خۆی سەرپەرشتی شاڵاوەکانی ئەنفالی کردووە بەڵام دواتر پەشیمان بۆتەوەو بەهەڵە لێکتێگەیشتنی داناوە، کەچی هەر لەگەڵ کەناڵی (العربي) دووبارە باسی ئەوە دەکات کە خۆی سەرپەرشتی شاڵاوەکانی ئەنفالی کردووە؟ ئایە نزار خەزرەجی ئەوەشی لەپێناو گەیشتن بە مافی پەنابەرێتی لە دانمارک گوتووە، یان وەکو ڕاستیەک باسی کردووە؟ نزار خەزرەجی، تەنانەت لای دکتۆر خالید عیسا تەها سەرۆکی پارێزەرانی بێسنووری عەرەب باسی کردووە، کە لە نووسینەکەی پێشووم لەسەر زاری دکتۆر کەمالی سەید قادر ئاماژەم پێداوە، کە ئەو خۆی سەرپەرشتی ئەنفالەکان و کۆمەڵکوژی دژ بە کوردی کردووە، بەڵام ناکرێ باسی بکات چونکە ناوبانگی عەرەب، ئێراق و سوپای سەدامی پێ لەکەدار دەبێت، بۆیە داوای لەوان کردووە کە هاوکاری بکەن تا ناوبانگی عەرەب و ئێراق لەکەدار نەبێت). پێم وایە سەدا سەد خەزرەجی لە یەکەم چاوپێکەوتن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دانمارکی ڕاستییەکانی باسکردووە، بەڵام دواتر کە تێگەیشتووە، یان تێیانگەیاندووە کە ئەو دانپێدانانەی ئەو زیانی دەبێ بۆ وەڵامی کەیسەکەیی و ناوبانگی عەرەب، ئێراق و سوپاکەی لەکەدار دەکات، بۆیە پەشیمان بۆتەوەو بە هەڵە لێکتێگەیشتن لەگەڵ وەرگێڕەکەی داناوە.

من وەڵامی نووسینەکەی شاخەوان شۆڕشم داوەتەوە لەژێر ناوی (وەڵامێک بۆ: کە تاوانبار نەزار خەزرەجی لە دانیمارک بوو-ی شاخەوان شۆڕش)، بۆیە هیچ هەڵەیەک لە ناونیشانی وەڵامەکە نابینم و ئازادیشم لە هەڵبژاردنی ناونیشانی هەر بابەتێکدا، بەتایبەتیش کە لە چەندان شوێن ناوم هاتووە و بابەتەکەی ئەو پەیوەستە بە کارکردنی کۆمیتەیەک کە لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنیدا تا کۆتا ڕۆژی تێیدا ئەندام بوویمە.

سەبارەت بەوەی کە شاخەوان شۆڕش نامەکەی (جمعية الحقوقيون العراقيين/ جمعية الحقوقيين العراقيين)ی وەکو بەڵگەنامەیەک داناوە چونکە ئەوان زانیارییەکانیان لە خودی نزار خەزرەجی وەرگرتووە، ئەوە هەر نابێتە بەڵگە لەبەرئەوەی نزار کەسێکی زۆر درۆزنە و بەدڵنیایی لەپێناوی شاردنەوەی تاوانەکانی سێ ڕۆژی کردووە بە سێ مانگ، بەتایبەت نزار خەزرەجی ئەو کاغەزەی کە بەدەستی خۆی ڕۆژی دەرچوونی خۆی لە (موسڵ بۆ ئاکرێ، تورکیا و عەمان) نووسیوە، لای خۆی پاراستوویەتی و ڕادەستی دەسەڵاتدارانی دانمارکی نەکردووە، ئەوەیان لە هەمووی

ڕاستترە کە بۆ خۆی نووسیویەتی، بۆیە دیسان مانەوەی خەزرەجی لە کوردستان بە سێ ڕۆژ دەزانم و سێ مانگەکە زۆر دوورە لە ڕاستی.
شاخەوان شۆڕش، گەر نامەکەی (جمعیة الحقوقیون/ الحقوقیین العراقیین) بە بەڵگە بزانێت، هەر لەو نامەیەدا کۆمەڵەی مافپەروەرانی ئێراقی نزار خەزرەجی وەکو کەسێکی بێتاوان لە کۆمەڵکوژی کورد و شاڵاوەکانی ئەنفال نیشان دەدات، ئایە دەکرێ هەر ئەو نامەیە بکرێتە بەڵگەنامە بۆ بێتاوانی نزار خەزرەجی لە تاوانەکانی خۆیی و سوپاکەی لەدژی گەلی باشووری کوردستان، کە نامەکە خۆی لەخۆیدا جێگەی گومانە و بە گیانێکی نەتەوەپەرستانەی نادادپەروەرانە نووسراوە؟ بۆیە دووبارەی دەکەمەوە کە پێموایە لە ماوەی سێ ڕۆژ مانەوەی لە ئاکرێ و بادینان مام جەلال و مەسعود بارزانی نەدیوە، گەر ئەو قسەیەشی کردبێت تەنیا بۆ بێتاوان نیشاندانی خۆیەتی لەو تاوانانەی کە دژی کورد کراون و ئەو ڕۆڵی سەرەکی تێدا بینیوە، ئەگەر وایە بۆ مەسعەد بارزانی لە ڕێگەی هۆشیار زێبارییەوە داوای بینینی نزار خەزرەجی دەکردو ئەویش لە سەرەتای ساڵی (1997)دا سەردانی کوردستانی کردووە؟. باشە بۆ کە تاوانبار نزار خەزرەجی بەدەستی خۆی نووسیویەتی لە کاتژمێری (12)ی شەوی (14.3.1996) گەیشتۆتە ئاکرێ، دواتر لە ڕۆژی (17.3.1996)دا لە دەروازەی برایم خەلیل بەرەو تورکیا ڕۆیشتووە، نەکرێتە بەڵگە، کە ئەو کاغەزەی لای خۆی پاراستووە، ڕادەستی پۆلیس و دەسەڵاتدارانی دانمارکی نەکردووە، کە دواتر لەناو (ئەڵدی پوسە) لە ژێرزەمینی ماڵەکەیدا دۆزراوەتەوە، لە هەمان کاتدا نامەی کۆمەڵەی مافپەروەرانی ئێراقی کە پڕە لە درۆ و هەستی شۆڤینی عەرەبی بەرانبەر بە کورد دەبێ ڕاست بێت و بکرێت بە بەڵگەی ڕاستی و دروستی قسەکانی (یان ڕاستتر بڵێم درۆکانی) نزار خەزرەجی؟
لە وەڵامی ئەوەی کە شاخەوان دەنووسێت: (وا پێدەچێت دەرسیم زیاتر بڕوای بەو زانیارییە هەیە کە خەزرەجی بۆ کەیسی پەنابەریەکەی نووسیتی، کە من بەڕاستی نازانم). لە وەڵامی شاخەواندا دەڵێم بەڵێ سەدا سەد باوەڕم بەو قسانەی نزار خەزرەجی هەیە کە لە یەکەم چاوپێکەوتنی خۆیدا لەگەڵ بەرپرسانی دانمارک بۆ کەیسی وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی باسی کردووە، کە خۆی سەرپەرشتی شاڵاوی ئەنفالەکانی کردووەو دواتر لێی پەشیمان بۆتەوە، چونکە هەمان قسەی بۆ پارێزەرانی بێسنووری عەرەب و دواتریش لە بەرنامەی (وفي روایة أخرى)ی کەناڵی (العربي) بۆ (بەدر ئەلسائغ) کردووە، بەڵێ بۆیە باوەڕم کردووە، چونکە سێ جار و لە سێ شوێن باسی ئەوەی کردووە کە خۆی سەرپەرشتی شاڵاوەکانی ئەنفالی کردووە، بەڵام لە ڕاگەیاندنەکان خۆی بێئاگا لە شاڵاوی ئەنفالەکان نیشان دەداو وای باس دەکرد کە گوایە ئەو لەو کاتەدا دوور بووە لە کوردستان و خەریکی دەرکردنی سوپای پاسداران بووە لە شاری فاو و سەرقاڵی شەڕی ئەوێ بووە، کەچی دواتر بەڵگەنامەکان ڕاستییەکانی سەرپەرشتی کردنی ئەوی لە ئەنفالەکان و کیمیابارانی هەڵەبجە سەلماند، جا کە تۆ بەڕاستی نازانی ئارەزووی خۆتە (کۆپی ئەو سەرچاوەیە دادەنێم کە ئاماژەی بە قسەکانی نزار خەزرەجی کردووە، کە کاتی داواکردنی مافی پەنابەرێتی کردووە لە دانمارک، بەڵام ناوی ڕۆژنامەکە و مێژووەکەی نابەم).
شاخەوان شۆڕش لە وەڵامدا نووسیویەتی: (سەرەتا ئەوەی من نووسیتم لە سەرچاوەیەکی دانیمارکی وەرگیراوە، ئەو سەرچاوەیەی من سوودم لێوەرگرتیە نەینووسیووە لەبەرئەوە مافی پەنابەری ڕەتکراوەتەوە چونکە تۆمەتبارە و دەستی هەیە لە کۆمەڵکوژی کورد. پێموایە ئەوەی سەرچاوەکە نووسیتی گونجاوە)، بەڵام خۆ نووسیویانە چونکە گومانی ئەوەی لێدەکرێت کە سەرپەرشتی شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیابارانی لێدەکرێت، مەرجیش نییە تەواوی زانیارییەکانی ئەنجومەنی پەنابەران گەیشتبێتە ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنەکان.
خۆم، هۆکاری ڕەتکردنەوەی پێدانی مافی پەنابەرێتی بە نزار خەزرەجی-م بەمشێوەیە نووسیوە: (ڕاستیەکەی ئەوەیە کە لە سەرەتادا خۆی باسی ڕۆڵی سەرکردایەتی کردنی خۆی لە شاڵاوەکانی ئەنفال بۆ پۆلیس کردووە بۆیە ئەوان ئەو بۆچوونەیان لا دروست بووە کە ئەو تۆمەتبارە و دەستی هەیە لە کۆمەڵکوژکردنی کورد لە کوردستان)، کەچی شاخەوان لە وەڵامەکەیدا هاتووە و دوو لەسەر سێی وەڵامەکەی منی قرتاندووە، کە شاخەوان نابوایە ئەو کارە بکات چونکە بە مەبەست یان بێ مەبەست کرابێ دەچێتە خانەی شێواندنی قسەکانم، دواتر بەشێوەیەک داینەوە بۆیە هەر

کەسێک بیخوێنێتەوە بۆچوونەکەی پۆلیس بە بۆچوونی ڕاستەوخۆی من تێدەگات، کە نووسیویێتی: چونکە (تۆمەتبارە و دەستی هەیە لە کۆمەڵکوژکردنی کورد) و ئەوەی کە لە پێشەوە نووسیومە و شاخەوان قرتاندوویەتی، ئەوەیە: (ڕاستیەکەی ئەوەیە کە لە سەرەتادا خۆی (خەزرەجی) باسی ڕۆڵی سەرکردایەتی کردنی خۆی لە شاڵاوەکانی ئەنفال بۆ پۆلیس کردووە بۆیە ئەوان ئەو بۆچوونەیان لا دروست بووە کە ئەو)، ئینجا ئەوەی ترم نووسیوە کە تەواوکەری ئەو دوو دێرەی سەرەوەیە: (تۆمەتبارە و دەستی هەیە لە کۆمەڵکوژکردنی کورد لە کوردستان). ئەوەش بە مانای ئەوە دێت کە پۆلیس لە ئەنجامی قسەکانی خەزرەجی ئەو بۆچوونیان لا دروست بووە کە ئەو تۆمەتبارە، بە دیویکی تر گومانی ئەوەیان لێکردووە کە تۆمەتبار بێت، لە هیچ کاتێکیش مەرج نییە بۆچوون سەدا سەد ڕاست بێت، جاری واش هەیە بۆچوونی پۆلیس و دادوەران لەمەر کەسێک کە گومانی تاوانێکی لێدەکرێت، دوای لێکۆڵینەوە پووچەڵ دەبێتەوە، بەڵام سەبارەت بە بۆچوونەکانی پۆلیس و ئەنجومەنی پەنابەرانی دانمارک لەسەر نزار خەزرەجی دواتر هەمووی ڕاست دەرچوون، کە بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق کە لە کەیسی دادگایی کردنی سەرانی ڕژێم لە تاوانەکانی ئەنفال و کیمیاباران کردنی هەڵەبجە ئاشکراکران، هەروەها بەپێی دیمانەکەی بەم دواییەی خودی خەزرەجی، ڕۆڵی سەرەکی و سەرپەرشتیاری کردنی شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیابانی هەڵەبجە لەلایەن نزار خەزرەجی دانی پێدا نراو جەختی لەسەر کرایەوە. ئەی شاخەوان وەڵامی چییە بۆ ئەوەی کە ڕۆژنامەی پۆلیتیکن (Politiken)، لە ژمارەی ڕۆژی (19.11.2002)دا لە وتارێکدا لەژێر ناوی (سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێراق لەبری هێشتنەوەی لە زیندان لە ماڵەکەی خۆیدا دەستبەسەر دەکرێت)، نووسیویێتی: (ئەنجومەنی پەنابەران، داواکاری مافی پەنابەریتی ئەوی بەرپەرچ داوەتەوە لەبەر هۆکارێکی گرنگ کە پێی وایە ئەو ئێراقیە چونکە سەرۆکی ئەرکانی سوپا بووە، بەرپرسە لەو تاوانانەی کە لەدژی کورد کراون. ئەو گومانەش بەشێوەی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ لێدوانەکانی ئەو پیاوە لەکاتی لێکۆڵینەوە لە پرسی پەنابەریتیەکەی)، کە بە دانمارکی بەمشێوەیە نووسراوە: ( **Mistanken bygger især på mandens egne udtalelser under behandlingen af asylsagen**).

لە وەڵامی یەکەمم بۆ شاخەوان شۆڕش، کە نوویسبووی: (کە خەزرەجی لە ئوردن بوو لەسەر بانگهێشتی جەلال تاڵەبانی چۆتە بریتانیا و لای جەلال تاڵەبانی و فوئاد مەعسوم بۆ ماوەی هەفتەیەک ماوەتەوە و هەمیشە بەیەکەوە بوون. هەروەها هوشیار زێباری لەسەر داوای مەسعود بارزانی بانگهێشتی کردووە و سێ ڕۆژ لەگەڵ ئەواندا ماوەتەوە و زۆریان ڕێز لێگرتووە)، نووسیبووم: (لە بەشی (6)ی دیمانەکەی نزار خەزرەجی، لە بەرنامەی (وفي رواية أخرى)ی کەناڵی (ئەلعەرەبی)دا کە ڕۆژنامەنووس (بەدرەدین ئەلسائیغ) پێشکەشی دەکات و لەژێر ناوی (ماذا حصل في حلبجة وحملة الأنفال)دا لە ڕۆژی (03.05.2022)دا لە کەناڵی (یوتوپ) دانراوە، باسی ئەوە ناکات کە جەلال تاڵەبانی بانگهێشتی بەریتانیای کردبێت و بۆ ماوەی هەفتەیەک لای مام جەلال و فوئاد مەعسوم مابێتەوە، یان لەسەر بانگهێشتی مەسعود بارزانی سێ ڕۆژیش لای هۆشیار زێباری و بارزانی مابێتەوە، دەشێ لە بەشەکانی تر باسی کردبێت، بەڵام بەشەکانی ترم بەتەواوی گوێ لێ نەگرتووە، خۆزگە شاخەوان بە دروستی و ڕێک ئاماژەی بە سەرچاوەکە دەکرد). لە وەڵامدا شاخەوان نووسیبووی: (نزار خەزرەجی، لە بەرنامەی (وفي رواية أخرى)ی کەناڵی (ئەلعەرەبی)دا باسی ئەوە دەکات کە جەلال تاڵەبانی بانگهێشتی بەریتانیای کردبێت و بۆ ماوەی هەفتەیەک لای مام جەلال و فوئاد مەعسوم مابێتەوە، یان لەسەر بانگهێشتی مەسعود بارزانی سێ ڕۆژیش لای هۆشیار زێباری و مەسعود بارزانی مابێتەوە)، بۆیە تەواوی بەشەکانی (1, 2, 3, 5, 8)م سەیرکرد، لە بەشی هەشتەم نزار خەزرەجی ئەو قسانە دەکات، بەڵام باسی مانەوەی چوار ڕۆژ دەکات لای مەسعود بارزانی و زێباری، نەک سێ ڕۆژ. هەر لە کۆتایی ئەو بەشەدا، کاتێک کە بەدرەدین ئەلسائغ-ی ئامادەکەری بەرنامەکە پرسیاری ئەوەی لێدەکات، کە ئایە هیچ کاتێک ئەو بیری لە ڕووخاندنی حکومەتی سەدام حوسێن کردۆتەوە، نەزار خەزرەجی درۆزن دەڵێ: (لە ڕاستیدا بیرم لەوە نەکردبووەوە، بیرم لە ئەنجام دانی کارێک نەکردبووەوە لەدژی سەدام لەپێناوی ڕووخانی حکومەتەکەی، چونکە دەبوایە پشت بە هێزی دەرەکی ببەستم، بۆ ئەوە دەبوایە داوای هاوکاری لە ئەمریکاو بەریتانیا بکەم، ئەوەشم نەکرد چونکە ناپاکییە)، بەڵام نزار خەزرەجی لە دانمارک بە هاوکاری و توانای سەدا سەدی ئەمریکی دەرچوو، ئەوەیان

خیانەت نەبوو؟ هەروەها ئەو کە لە دانمارک بوو، بەتایبەت لە ڕۆژانی درێژکردنەوەی ماوەی دەستبەسەرکردنەکەی لە ماڵەکەی خۆی لەلایەن دادگای سوغو، وای نیشان دەدا کە تەنیا و تەنیا بۆ ئەوە دەیەوێت دادگا ڕێگەی بدات، قەدەغەکردنی سەفەری لەسەر لابدات و بەڵگەنامەکانی سەفەرکردنی بداتەوە بۆ ئەوەی بەزووترین کات بگاتە کوردستان و لەوێوە هەنگاو بنێ بۆ کۆتایی هێنان بە ڕژێمی سەدام و بەعس، چونکە وای نیشان دەدا کە گوایە مەحاڵە بەبێ خەزرەجی، سەدام و بەعس بڕووخێن!

سەلاح عومەر عەلی، لە نامەکەی خۆیدا کە بۆ وەزیری دادی دانمارکی لە ڕۆژی (8.10.2001)دا نووسیویێتی، لە بەشێکی نامەکەدا سەبارەت بە سەردانی نزار خەزرەجی بۆ لای مەسعود بارزانی و مام جەلال نووسیویێتی: (نزار خەزرەجی لە ساڵی (1997)دا لەسەر داوای مەسعود بارزانی سەردانی شیمالی ئێراق (کوردستان)ی کردووە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو پرسانەی تایبەتن بە بارودۆخی ئێراق. هەروەها خەزرەجی پێشوازی کردووە لە لەتیف ڕەشید و محەمەد تۆفیق کە هەردووکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانن بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی. لە مانگی شوباتی ساڵی (1997)، نزار سەردانی لەندەنی کرد بۆئەوەی چاوی بە جەلال تاڵەبانی بکەوێت و گفتوگۆیان سەبارەت بە پرسگەلێکی ئۆپۆزسیۆنی ئێراقی کرد). سەلاح عومەر عەلی باسی ئەوەی نەکردووە کە خەزرەجی لە کوێ لەتیف ڕەشید و محەمەد تۆفیق ڕەحیم ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە کوێ بینیوە، گەر ئەوە ڕاست بێت، زیاتر پێدەچێت ئەوانیشی لە لەندەن بینیبێت کە خۆیان دانیشتوانی ئەوێ بوون، بەڵام باسی دکتۆر فوئاد مەعسومی نەکردووە هەرچەندە فوئاد مەعسوم لە دانمارک-یش لەگەڵ عەبدولڕەزاق فەیلی و فەرهاد فەیلی سەردانی نزار خەزرەجیان کردبوو لە سوغو. نەوشیروان مستەفاش، کە ئەوکاتە جێگری تاڵەبانی بوو لە لە لاپەڕە (142)ی پەرتووکی (خولانەوە لە ناو بازنەدا)، باسی ئەوە دەکات کە لە سەفەرێکیدا بۆ لەندەن چاوی بە نزار خەزرەجی کەوتووە. خۆیشم ئەوەم بیستووە کە نزار خەزرەجی لە ساڵی (1997)دا سەردانی کوردستانی کردووەو چاوی بە مەسعود بارزانی کردووە، بەڵام مەسعود ڕێگەی نەداوە بچێتە سەردانی تاڵەبانی لە سلێمانی، بۆیە کە دواتر لەسەر داوای ئەو هاتۆتە بەریتانیا لە لەندەن چاوی بە جەلال تاڵەبانی و ئەوانەی تریش کەوتووە، کە هاتە لەندەن و ماوەیەک لەوێ مایەوەو بەریتانیا ئامادە نەبوو وەکو پەنابەرێکی سیاسی بەرخودی لەگەڵ بکات، بۆیە ئەوێی جێهێشت و دواتر لە ڕۆژی (03.07.1999)دا هاتە دانمارک، بەڵام دڵنیانیم لەوەی هەر لەوێوە هاتە دانمارک، یان چووە ئیسپانیا و لەوێوە هاتە دانمارک.

هەروەها حوسێن بەرزنجی، کۆیلەو ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، دانیشتووی ئەمریکا، لە ژمارەی ڕۆژی (20.10.2001)ی ڕۆژنامەی (الزمان)ی عەرەبی، سەبارەت بە هەوڵی دادگاییکردنی نزار خەزرەجی سەرۆک ئەرکانی سوپای بەعسی ئێراق، ئاماژەی بە سەردانی پێش و پاش دەرچوونی نزار خەزرەجی کردووە، کە گوایە چەند جارێک سەردانی کوردستانی کردووەو چاوی بە لێپرسراوان کەوتووە، کە بەمشێوەیە نووسیویێتی: (من دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ ئەو دەنگانەی کە داوا لە وەزیری دادی دانمارک دەکەن کە گوێ بۆ ئەو داخوازییەی دژ بە فەریق ڕوکن نزار خەزرەجی نەدرێت، کە لەلایەن چەند کەسانێکەوە کراوە کە نوێنەری ڕاستەقینەی کوردی کوردستانی ئێراق نین. کوردستانی ئێراق پارت، لێپرساو و نوێنەری خۆی هەیە. پارت و کەسایەتیە دڵسۆزەکان نوێنەرایەتی کوردەکانی کوردستانی ئێراق دەکەن و ئەو ڕاستیەش، گەلی کورد و مافەکانی لە کوردستان پاراستووە. من ئاگادارم کە ئەو پیاوە (خەزرەجی) پەیوەندییەکی باش و هاوکاری هەبووە لەگەڵ کوردەکان پێش و پاش دەرچوونی و چەند جارێک سەردانی کوردستانی کردووەو چاوی بە لێپرسراوانی کەوتووەو ئەو پیاوە ڕاست و ڕەوان و نیشتمانپەروەرە). ئەوەی حوسێن بەرزنجی باسی دەکات دەبێ نزار خەزرەجی دوای ڕاکردنی لە ئێراق لە ڕێگای کوردستانەوە جارێکی تر سەردانی کوردستانی کردبێت و بەدڵنیایی مەسعود بارزانی سەرۆکی ئەو حوسێن بەرزنجیەی بینیبێت، ئەوەیان سەلاح عومەر عەلی-ش باسی دەکات. حوسێن بەرزنجی، کۆیلەیەکی عەیار (24)ی بنەماڵەی بارزانی و پارتی نادیموکراتی بارزانە، کە کۆمەڵێک قسەی بێسەروبەری سەبارەت بە هەوڵی دادگاییکردنی نزار خەزرەجی و ئەو دێڵە بەعسیە کردووە، کە بەرلەوەی سووکایەتیکردن بێت بە کورد سووکایەتی کردنە بەخۆیی و حزبەکەی.

شاخەوان شۆڕش نووسیویتی: (کە بوومە ئەندامیش لە کۆمیتەکەدا لەڕاستیدا نەمدەزانی کێن ئەندامانی کۆمیتەکە، نەوزاد مارف، ئەحمەد عەزیز و گۆران هەڵەبجەیی و یەک دوو هاوڕێی ترم لە چەند کۆبوونەوەیەکدا بینی. باسی ئەوەش لەگەڵ من نەکرا کەوا من وەکو ئەندامێکی نوێ شوێنی ئەوانە دەگرمەوە کە وازیان هێناوە. ئەرکێکی تایبەتیش بە من نەسپێردرا. من کە بوومە ئەندام بۆ ئەوەبوو هاوکاری کۆمیتەکە لە نزیکەوە بەپێی توانام بکەم. ئەوان خۆیان زۆر کاری گرنگیان کردبوو و ئەنجام دابوو وەکو لە نووسینەکەمدا ئاماژەم بۆ کردووە. لەو چەند کۆبوونەوە کەمەی کە بەشداریم تێدا کرد دەرسیم لەگەڵ نەبوو. لە ڕاستیدا ئەوسا نەشم دەزانی ئەو ئەندامی کۆمیتەیە).

بەگوێرەی ئەو قسانەی شاخەوان شۆڕش بێ، دەبێ کۆمیتەکە کۆمیتەیەکی زۆر بێسەروبەر بەر بێت، کە خۆم وای نابینم، چونکە هیچ کەسێک بەبێ بڕیاری هەرسێکمان (ئەحمەد، نەوزاد و دەرسیم) داوای لێنەکراوە ببێتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمیتەکە بەتایبەت کە کۆمیتەکە سەرۆکی نەبوو، بڕیارەکان بە هاوبەشی یان زۆرینە بوو. ئەو چەند کۆبوونەوەیەی کە شاخەوان باسی دەکات کە گوایە لەنێوان (نەوزاد مارف، ئەحمەد عەزیز، گۆران هەڵەبجەیی، شاخەوان شۆڕش و یەک دوو هاوڕێی تری) ئەنجام دراوە، کە باوەڕناکەم شتی وا کرابێت و ناتوانم باوەڕ بەو قسەیە بکەم، چونکە لە هەموو کۆبوونەوەکان بەشدار دەبووم، کۆبوونەوەکانیش دوای کشانەوەی چوار ئەندامی سەرەکی (کرمانج، شادمان، مریەم و فەهمی)، تەنیا لەنێوان (ئەحمەد، نەوزاد و دەرسیم) دەکران و ڕۆژانی وا دیاری دەکرا کە من لە کۆپنهاون بم، یان کاتێکی وا دیاری دەکا کە بتوانم بێم و ئامادەبم، کە لە ڕاستیشدا هەر ئەو سێ کەسەمان ئەندامی کارای دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمیتەکە بووین و دوای چەند مانگێک زۆربە کشانەوە بۆیە هەر دوو سێ مانگ جارێک کۆدەبووینەوە، کۆبوونەوەی دامەزراندن (28.10.2001) و دواتر یەکەم کۆبوونەوەی دوای دامەزراندنی کۆمیتەکەمان لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (2.12.2001)دا لە بنکەی کۆمەڵەی کوردی غۆسکیلە بە ئامادەبوونی (ئەحمەد عەزیز، دەرسیم، گۆران هەڵەبجەیی، کرمانج شەوکەت و نەوزاد مارف) کرا، کە لەو کۆبوونەوەیەدا (مریەم شکاک و فەهمی مەجید) کشابوونەوە و گۆران غەفور هەڵەبجەیی دەتوانم بڵێم گەڕایەوەو هاتە شوێنی یەکێک لە ڕۆیشتووەکان، چونکە گۆران پێش دامەزراندنی کۆمیتەکە هاوکارمان بوو بەڵام لەپڕ خۆی کێشایەوە و تەنانەت پەیوەندی تەلەفۆنیشی بۆ ماوەیەک پچڕی (کە لە نووسینی پەرتووکێک لەسەر پرسی دادگاییکردنی تۆمەتبار خەزرەجی بە درێژی باسی دەکەم، دواتریش کە تەنیا سێ کەس (ئەحمەد، نەوزاد و دەرسیم) ماینەوە، لە ماڵەکەی نەوزاد مارف لە غۆسکیلە کۆدەبووینە، جگە لە یەک کۆبوونەوە کە (ئەحمەد، نەوزاد و دەرسیم) ئامادەبوون، ئەو کۆبوونەوەیە لە هۆلبێک (Holbæk)، لە ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (23.01.2002)، لە ماڵی ئەحمەد عەزیز کراوە، کە زۆرتر تایبەت بوو بە سەیرکردنی ئەو فیلمە ڤیدیۆ سەربازییە، کە بریتی بوو لە کۆنفرانسێکی سەربازی لەلایەن (جێگری سەرۆک ئەرکانی سوپا، فەرماندەی فەیلەقی یەک، فەرماندەی فەیلەقی پێنج و ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەری پلەبەرز)، کە تایبەت بوو بە لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی شاڵاوی ئەنفالی هەشتەم لە بادینان لەلایەن ئەو فەرماندە سەربازییانەی سوپای ئێراق کە بەشداری کۆنفرانسەکەیان کردبوو، کە (کاوە نادر) فیلمەکەی لە هەولێر پەیداکردبوو، قادر ناردی برایشی لە کوردستانەوە فیلمەکەی هێناو لە سویدەوە بۆ منی ڕەوانکرد.

هەرکاتێکیش بۆ کارێکی پێویست (ئەحمەد عەزیز و نەوزاد مارف) یەکتریان ببینایە بە تەلەفۆن ئاگادار دەکرامەوە، دەبێ ئەوەش بڵێم کە باوەڕ ناکەم ئەحمەد عەزیز و نەوزاد مارف کاری وایان لە پشتی منەوە کردبێت و بەبێ ئاگادارکردنەوەم کۆبوونەوەیان کردبێ، یان کەسانی تریان هێنابێتە ناو کۆمیتەکە و کردبێتیانن بە ئەندامی کۆمیتە. ناتوانم باوەڕ بەوە بکەم کە گوایە جگە لە شاخەوان یەک دوو هاوڕێی تری خۆی ئامادەی کۆبوونەوەکان بووینە لەگەڵ (ئەحمەد عەزیز، نەزاد مارف و گۆران هەڵەبجەیی)، بەتایبەت کە ناوەکانی نەنووسیوە، گەر ئەویش ناوەکانی بیر نەمابێ دەیتوانی لە یەکێک، یان هەرسێک لە (ئەحمەد عەزیز، نەوزاد مارف و گۆران هەڵەبجەیی) پرسیبایە، تا ناوی یەک دوو هاوڕێکەی تری بیربخەنەوە، ئاخر خۆ گاڵتە نییە یەک دوو کەسی تر بەشداری کۆبوونەوەی (کۆمیتەی خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی) بکەن، بێئەوەی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمیتەکە بن!

شاخەوان باسی ئەوە دەکات کە گوایە کراوە بە ئەندامی کۆمیتەکە بۆ ئەوەی بەپێی توانای خۆی هاوکاری کۆمیتەکە بکات، بەڵام بەقسەی خۆی کاتی نەبووە و نەیتوانیوە هاوکاری کۆمیتەکە بکات، کەواتە گەر کرابێتیش هەر بۆ پڕکردنەوەی شوێنی کشاوەکان کراوەتە ئەندام بەبێ ئەوەی هیچ کارێکی پێ درابێت. شاخەوان بەقسەی خۆی دوای چەند کۆبوونەوەیەکیش لەگەڵ (ئەحمەد عەزیز، نەوزاد ماوف، گۆران هەڵەبجەیی و یەک دوو کەسی تر)، هێشتاکە نەیزانیوە کە دەرسیم ئەندامی کۆمیتەکە بووبێت و لە هیچ کۆبوونەوەیەکیش ئەوی نەدیوە، کە ئەوەیان گومانی زۆرم لا دروست دەکەن کە ئەو کرابێتە ئەندامی کۆمیتە و بەشداری لە کۆبوونەوەی کۆمیتەکە کردبێت، لەوانەشە (دەستەی بەرگری لە شاری کەرکوک - دانمارک)ی لەگەڵ (کۆمیتەی خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ دادگایی کردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی) تێکەڵ کردبێت و ئەو لەوەی یەکەمیان کرابێتە ئەندام و کۆبوونەوەی لەگەڵ کردبن. ئەگەر وایە و ئەو چەند کۆبوونەوەی لەگەڵ (ئەحمەد و عەزیز، نەوزاد مارف، گۆران هەڵبەیی و یەک دوو هاوڕێی تر) لە کۆمیتەی خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی کردووەو هەر نەشی زانیوە من ئەندامی ئەو کۆمیتەیە بووبم، ئەی بۆ لەجیاتی ئەوەی قسە لەگەڵ یەکێک لە ئەوان بکات، لە سەرەتای مانگی مای ساڵی (2003)دا قسەی لەگەڵ من کرد و پێی گوتم کە نازانێت چۆن چەند نامەیەک پەیدا بکات، کە وەزارەتی دادی دانمارکی بۆ حکومەتی ئەمریکی نووسیبوو سەبارەت بە بزربوونی نزار خەزرەجی لە دانمارک، وەڵامی حکومەتی ئەمریکی بۆ وەزارەتی دادی دانمارک، هەروەها هەوڵەکانی دانمارک بۆ دەستگیرکردن و ڕادەستکردنەوەی نزار خەزرەجی بە دانمارک؟ لە وەڵامدا بە شاخەوان-م گوت: (نامەیەک بەناوی کۆمیتەکە بنووسە، تیاشیدا بنووسە کە خۆت ئەندامی کۆمیتەکەیت و وەکو کۆمیتە پێویستیمان بەو بەڵگانە هەیە). ئەویش لە ڕۆژی (06.05.2003)دا نامەیەکی بۆ وەزارەتی داد نووسیبوو، ئەوانیش لە ڕۆژی (20.05.2003) وەڵامی نامەکەیان دایتەوە و (68) لاپەڕەیان بە زمانی ئینگلیزی بۆ ناردووە، لەدوای سەردان و گەڕانەوەشم لە هاوینی ئەو ساڵەدا لە کوردستان ئەو (68) لاپەڕەیەی لە مانگی هەشت بۆ منیش نارد. پێشم وایە بوونی شاخەوان شۆڕش بە ئەندامی کۆمیتەکەمان هەر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بەناوی کۆمیتەکەمان داوای ئەو چەند بەڵگەنامەیە بکات لە وەزارەتی دادی دانمارک، یان کۆمیتەی خستەگەڕی هەوڵەکان و دەستەی بەرگری لە شاری کەرکوک-ی تێکەڵ کردووە.

شاخەوان شۆڕش نووسیوێتی: (من ئەوەم نووسیوە کە سەرچاوە دانمارکیەکە نووسیتی، لەلایەن خۆمەوە هیچم کەم یا زیاد نەکردووە. لەوێ ئاماژە بە (42) لاپەڕە دەکرێت و هەروەها بەپێی سەرچاوەکە و سەرچاوەی دیکەش ئەوە پلانی بووە). با بزانین شاخەوان ڕێک وەکو ئەوەی نووسیوە کە لە سەرچاوەکەدا هاتووە، یان ئەو شتێکی تری نووسیوە؟ با بزانین سەرچاوەکە و (البرج البابل)ی نزار خەزرەجی بەوردی باسی پلانی چۆنیەتی ڕاکێشانی ئەفسەرە ناڕازییەکان و کۆکردنەوەیان بۆ ئەنجامدانی کودەتایەک لەدژی دیکتاتۆر سەدام حوسێن-ی تێدایە، وەکو ئەوەی کە شاخەوان نووسیوێتی؟

شاخەوان، لە بابەتی (کە تاوانبار نزار خەزرەجی لە دانمارک بوو)دا نووسیوێتی: (خەزرەجی لە نەخشە و پلانێکی تایبەتدا لەژێر ناوی "البرج البابل" دا کە لە 42 لاپەڕەدا نووسراوە، بە وردی پلانی چۆنیەتی ڕاکێشانی ئەفسەرە ناڕازیەکان و کۆکردنەوەیان بۆ ئەنجامدانی کودەتایەک لە دژی دیکتاتۆر سەدام حوسێن دا گوزارشت کردووە).

لارس ئیگوم غاسموسن (Lars Igum Rasmussen)، لە ڕۆژی (03.02.2007)دا لە ماڵپەڕی (Avisen.dk)، کە ئەو سەرچاوەیە کە شاخەوان پشتی پێبەستووە. لارس غاسموسن نووسیوێتی: (سەرۆکی سوپا وردەکاری پلانی کۆدەتایەکی سەربازی لەدژی دکتاتۆرەکەی ئێراق شاردۆتەوە. پلانەکە 42 لاپەڕە زیاترە، کە ئەو ژەنەڕاڵە بە ئەزموونە باسی ئەوە دەکات کە چۆن ئەفسەرە ناڕازییەکان بتوانن دەست بەسەر وڵاتدا بگرن). کوا لێرەدا باسی پلانی چۆنیەتی ڕاکێشانی ئەفسەرە ناڕازییەکان و کۆکردنەوەیان کراوە؟ ئەوەی خوارەوەش دەقە دانمارکیەکەیە:

Hærchefen har også gemt en detaljeret plan for et militærkup mod den irakiske diktator. Over 42 sider opregner den erfarne general, hvordan utilfredse irakiske officerer kan overtage kontrollen med landet.

جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان: (بە وردی پلانی چۆنیەتی ڕاکێشانی ئەفسەرە ناڕازیەکان و کۆکردنەوەیان بۆ ئەنجامدانی کودەتایەک لە دژی دیکتاتۆر سەدام حوسێن دا گوزارشت کردووە)ی شاخەوان شۆڕش و (ئەو ژەنەڕاڵە بە ئەزموونە باسی ئەوە دەکات کە چۆن ئەفسەرە ناڕازییەکان بتوانن دەست بەسەر وڵاتدا بگرن)ی لارس غاسموسن هەیە، کە لەوەیان بەهیچ شێوەیەک باسی (بە وردی پلانی چۆنیەتی ڕاکێشانی ئەفسەرە ناڕازیەکان و کۆکردنەوەیان) نەکراوە، کەواتە شاخەوان شۆڕش ئەو دەستەواژەیەی نێوان دوو کەوانەکەی سەرەوەی لەخۆیەوە زیاد کردووە.

هەروەها لارس غاسموسن لە وتارەکەیدا نووسیوێتی: (بۆ جاری یەکەم، ئەوە سەلمێندرا کە نزار پەیوەندی بە (سی ئای ئەی) هەبووە، هەتا بەر لەوەی لە ساڵی (1996) لە ئێراق ڕابکات. ئەو پەیوەندییە لەو نامەیە دەردەکەوێت کە نزار خەزرەجی بۆ سەرۆکی وێستگەی (CIA) لە عەمان لە مانگی ئەپریلی ساڵی (1996) نووسیویێتی). نزار خەزرەجی لەپێناوی ڕاکردن لە ئێراق و مەترسییەکانی سەر ژیانی خۆیی و منداڵەکانی لە ئوردەن پەیوەندی بە ئەمریکییەکان کردووە، ئەو پەیوەندیە لە ڕێگەی عەمید ئەبو تۆفیق ناوێکەوە کە لە عەمان بووە دروست بووە، کە خەزرەجی زاواو کچەکەی خۆی ناردۆتە لای ئەو ئەبو تۆفیقە. هەروەکو خۆیشی بۆ کەناڵی (العربی) و بۆ بەردەدین ئەلسائغ باسی دەکات و هۆکاری ڕاکردنەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ مەترسییەکانی ڕژێم لەسەر ژیانی خۆیی و دوو کوڕەکەی (ئەحمەد و محەمەد)، نەک کارکردن بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام چونکە خەزرەجی بەگوێرەی قسەکانی خۆی بۆ ئەو کەناڵە بیری لە ئەنجام دانی کارێک نەکردبووەوە لەدژی سەدام لەپێناوی ڕووخانی حکومەتەکەی، بەڵام کە خەزرەجی دەگاتە ئوردەن خۆی وەکو سەدامێکی نوێ دێتە بەرچاو و ڕەفتار دەکات، بۆیە هەر لە یەکەم و دووەم هەفتە لەگەڵ ئەحمەد چەلەبی، ئەیاد عەلاوی و بەرپرسی هەواڵگری ئەمریکی لە عەمان (ڕیچارد) نێوانی تێک دەچێت و ئەمریکییەکانیش فەرامۆشیان کردووە، بۆیە نزار تورە دەبێت و نامەیەکی سێ لاپەڕەیی بۆ ڕیچارد دەنووسێت کە بەشێکی زۆری نامەکە تەرخان کراوە بۆ دابین کردنی خۆشگوزەرانی و داخوازییەکانی خۆی، کوڕەکانی، زاواکەی و کەسوکاری زاواکەی لە (مافی مانەوە، خانوو، ئۆتۆمۆبێل، ناوماڵ، چارەسەری دکتۆر، تەلەفۆن، تەلەفۆنی مۆبایل، مانگانەی باش و بەخشیش) و ڕێگەنەدان بە چاوپێکەوتنی بەرپرسانی ئەمریکی بە ئارەزووی خۆی، کە ئەو پێی وایە بینینی سەدام حوسێن بۆ ئەو زۆر ئاسانتر بوو لە بینینی کاربەدەستانی ئەمریکی.

لە دانیشتنی ڕۆژی (04.02.2003)، کە لەگەڵ کاستن سۆنەگۆرد (Karsten Søndergård) دانیشتین، دوو داوامان لە ناوبراو کرد، کە چاودێری پۆلیسی لەسەر توندتر بکەن، یان خرخاڵی ئەلکترۆنی (Elektronisk fodlænke)ی بخەنە قاچی تا ڕێگر بێت لە هەوڵی ڕاکردن، بەڵام لە بابەتی پێشووم داواکاری دووەمم لەبیر کردبوو. لە وەڵامی داوای دووەممان کاستن گوتی: (پۆلیس ناتوانێت خرخاڵی ئەلکترۆنی بکاتە قاچی کە ئەوە تەنیا بۆ ئەوانەیە کە سزادراون و نزار خەزرەجی هێشتا نەدراوەتە دادگاو هیچ سزایەکی یاسایی لەدژ دەرنەچووە).

شاخەوان، نووسیوێتی: (بۆ بیرخستنەوە خەزرەجی لە (17.03.2003)دا بزربوونی ڕاگەیەیەندرا). ئەوە هەر پێویستی نەدەکرد بە مەبەستی بیرخستنەوە بینووسێت، چونکە هەموومان کۆکین لەسەر ڕاگەیاندنی ڕاکردنی نزار خەزرەجی لەو ڕۆژەدا لە دانمارک، بەتایبەت بۆ من کە هەر لەبیر ناکرێت کە پۆلیس بە دوورودرێژی قسەی لەگەڵ کردم و هەموو گفتوگۆکانی پۆلیس و خۆمم نووسیوە، جەلال سدیق ساڵح (کەمال عوسمان) دانیشتووی سوغو ئاگادارە کە بەشێک لە گفتوگۆکانی پۆلیس لەگەڵ خۆم سەبارەت بەو بوو. بەڵام جیاوازی لەسەر ڕۆژی ڕۆیشتنەکەی هەیە کە لەخوارەوە هەوڵدەدەم ڕوونی بکەمەوەو ڕۆژەکە دیاری بکەم.

نزار خەزرەجی، دەبوایە ڕۆژانی (دووشەممە، چوارشەممە و هەینی)یان لەنێوان کاتژمێری (9-12) لە ماڵ بوایە بۆ ئەوەی پۆلیسی غینگستید پۆلیسێک بنێرێتە ماڵەکەیان تا دڵنیابنەوە کە خەزرەجی لە ماڵە و ڕاینەکردووە، بەڵام محەمەدی کوڕە بچووکی نزار خەزرەجی لە کاتژمێری (8:25) خولەکی ڕۆژی (17.03.2003)دا زەنگی بۆ پۆلیس لێداوەو ئاگاداری کردوونەتەوە کە باوکی بۆ جگەرەکێشان چۆتە دەرەوەو نەگەڕاتەوە، ئەو وای بە پۆلیس گوتیە کە گومانی ئەوەی هەیە کوردەکان باوکیان فڕاندووە، یان کوشتووە! هەروەها جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی غینگستید یەنس پیتەر گلیغوب (Jens Peter Glerup)، ڕۆژێ جارێک تەلەفۆنی بۆ خەزرەجی دەکرد تا دڵنیابێت کە هەموو

شتێک باشه و هیچ شتێک لەدژی ئەو نەکراوە، چونکە خەزرەجی وای باسکردبوو کە ئەو هەڕەشەی لێکراوەو ژیانی لە مەترسیدایە، بەڵام زۆر جار ژنەکەی خەزرەجی وەڵامی داوەتەوە کە گوایە هاوسەرەکەی نووستووە و یەنس-یش داوای نەکردووە کە خەزرەجی بەئاگا بێنێ بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ خۆی بکات. پێموایە ئەو وەڵامدانەوەیەی لەتیفە لەبری خەزرەجی بە بەرنامە کراوە تا پۆلیس تاقی بکەنەوەو لەکاتی ڕاکردنیدا سوودی هەبێت بۆ خەزرەجی و بەتەواوی دووربکەوێتەوەو نەکەوێتەوە بەردەست، کە هەر واشیان کرد. کاتژمێری (10)ی بەیانی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (14.03.2003)، پۆلیسی غینگستیذ بۆ دواجار سەردانی ماڵی خەزرەجی کردووەو ڕۆژی دواتر یەنس گلیغوب بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ خەزرەجی کردووە، بەڵام بۆ ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (16.03.2003)، یەنس تەنیا قسەی لەگەڵ ژنەکەی خەزرەجی کردووە، کە ئەویش پێی گوتووە گوایە خەزرەجی خەوتووە! بۆیە بەدڵنیایی دەبێ خەزرەجی لە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (15.03.2003)دا ڕایکردبێت، چونکە بەگوێرەی ڕۆژنامەی ئوربان (URBAN)، ژمارەی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (27.3.2003)، جۆن ئەنەرسن (John Andersen)، بەڕێوەبەری جێبەجێکار لە کۆمپانیای (Administrerende direktør for milliardkoncernen Claus Sørensen) لە شاری ئێسبیا (Esbjerg)ی دانمارک، لە کاتژمێری (16:50)ی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی (15.3.2003)، نزار خەزرەجی لە فڕۆکەخانەی تالێن (Tallinn)ی پایتەختی ئیسلاند (Estland) دیوە، کە بەهۆی زۆر دەرکەوتنی لە هەواڵەکانی کەناڵە دانمارکییەکان خەزرەجی ناسیوەتەوە، بۆیە ڕێی تێ ناچێت ناوبراو لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (16.03.2003)دا لە دانمارک مابێت، بەتایبەت کە لەو ڕۆژەدا لوتفیە هاوژینی خەزرەجی وەڵامی پۆلیسی داوەتەوە و پێی ڕاگەیاندووە کە گوایە ئەو خەوتووە.

لە وەڵامی خاڵی نۆیەمم کە بۆ شاخەوان شۆڕش-م بەمشێوەیە نووسیوە: (دوای دروستکردنی کۆمیتەک بەناوی کۆمیتە و دەرسیم نامە بۆ سەرۆکی پۆلیسی شاری غینگستیذ لە ڕێکەوتی (28.01.2002) دەنێرێت و تیایدا چۆنیەتی بەشداریی تاوانبار نزار خەزرەجی لە تاوانی گەلکوژی ئەنفالدا لە چەند خاڵێکدا ئاماژەیان بۆ دەکرێت. خۆم لەوە تێناگەم کە شاخەوان شۆڕش، بۆ ئاماژەی بەو نامەیەی من داوە کە لە ڕۆژی ئاماژە پێکراو بۆ بەڕێوەبەری پۆلیسی غینگستیذ-م ناردبێ، خۆ ئەوە تاکە نامەی من نییە کە بۆ پۆلیس، یان دادگام ناردبێت). شاخەوان لە وەڵامی مندا نووسیوێتی: (وەڵام: هۆکەی ئەوەیە لام گرنگ بووە ئاماژە بەم نامەیە بکەم کە لەگەڵ ڕۆژی دامەزراندنی کۆمیتەکەدا ناردراوە. ئەوە یەکەم نامەی کۆمیتەیە بۆ پۆلیس، دواتر دەیان نامەی دیکە ناردراوە بەڵام نەمویستووە ئاماژە بە هەموو نامەکان بکەم). سەرەتا ناتوانم باوەڕ بەو وەڵامەی شاخەوان بێنم، چونکە ئەگەر مەبەست ئاماژەکردن بێت بە یەکەم نامەی کۆمیتەکە، بۆ دەینووسی: (کەسی پەیوەندیکەر لەنێوان کۆمیتە و دامەزراوە دانیمارکیەکاندا نەوزاد مارف بوو وەکو بۆ ئەو لیژنەیە دیارکرابوو، بەڵام دەرسیم-یش پەیوەندی چالاکانەی هەبووە و دەکومێنت و نامەی ناردووە)؟ هەروەها شاخەوان شۆڕش نووسیوێتی: (دوای دروستکردنی کۆمیتەکە بەناوی کۆمیتە و دەرسیم نامە بۆ سەرۆکی پۆلیسی شاری غینگستیز لە ڕێکەوتی 28.1.2002 دەنێردرێت و تیایدا چۆنیەتی بەشداریی تاوانبار نەزار خەزرەجی لەتاوانی گەلکوژی ئەنفالدا لە چەند خاڵێکدا ئاماژەیان بۆ دەکرێت)، ئەو باسی ئەوەی نەکردووە کە ئەوە یەکەم نامەی کۆمیتەکەیە و گوایە لە ڕۆژی دامەزراندنی کۆمیتەکە نێردراوە، هەرچەندە ڕۆژی دامەزراندنی کۆمیتەکە (28.10.2001)ە، نەک ڕۆژی (28.01.2002) وەکو ئەوەی کە ئەو نووسیوێتی! ئەو وەڵامەی شاخەوان شۆڕش هەر زۆر دوورە لە ڕاستی، بەتایبەت کە کۆپی تەواوی ئەو نامانەی بۆ پۆلیسم ناردبێت، جا بەناوی کۆمیتەکە یان ناوی خۆمەوە ناردرابن، پاراستوومن، کە هیچ نامەیەک بەناوی کۆمیتەو خۆم لە ڕۆژی (28.10.2001)دا واتە ڕۆژی دامەزراندنی کۆمیتەکە بۆ پۆلیس نەنێردراوە، بەڵام شاخەوان لە بابەتی (کە تاوانبار نزار خەزرەجی لە دانمارک بوو)، ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (28.01.2002)ی بە ڕۆژی یەکەم نامە ناردنی من بۆ پۆلیس دانەوە، لە ڕاستیدا بەر لەو مێژووە و دواتریش بەڵام کەم لەنێوان (80–100) نامەم لەگەڵ پۆلیس و دادگا گۆڕیوەتەوە. بەڵام بەدڵنیایی لە ڕۆژی (28.10.2001)دا هیچ نامەیەکم نەناردووە، چونکە کۆبوونەوەی ئەو ڕۆژە لە کاتژمێری (13:00)ی نیوەڕۆ کراوەو نزیکەی سێ کاتژمێرێکی خایاند (لە وەڵامی پێشووم دانیشتنی کۆبوونەوەی دامەزراندنی کۆمەڵەکەم بە کاتژمێری

(10:00)ی بەیانی دانابوو، بەڵام دوای سەیرکردنی ئەرشیفەکەم دەرکەوت کاتژمێری (13:00)ی نیوەڕۆ بووە)، دواتریش لەگەڵ ئاسۆ کاکەیی و شادومان محەمەد گەڕاینەوە هۆرسنس و لەنێوان کاتژمێری (20-21)ی شەو گەیشتمەوە ماڵ و ئەو ڕۆژەش یەکشەممە بووە، بۆیە بەهیچ شێوەیەک ڕاست نییە کە گوایە لەو ڕۆژەدا یەکەم نامەی کۆمیتەکە بۆ پۆلیس من ناردبێتم، جیاوازی نێوان (28.10.2001) و (28.01.2002) زۆرە و سێ مانگی ڕێکە، کەواتە لە مەبەستی ئاماژەکردنت بەو نامەیە تێگەیشتم چونکە تۆ بە ڕۆژی دامەزراندنی کۆمیتەکە تێگەیشتوویت. زۆریشم لا مەبەستە گەر لەوەیان هەڵەت نەکردبێ، ئەو نامەیە وەکو بەڵگەیەک دابنێیت.

شاخەوان شۆڕش نووسیویەتی: (بێگومان سکاڵاکەی دەرسیم و ئەوانی دواتریش بۆ کەیسەکە گرنگ بووە، بەڵام کەیسەکە لەسەر ئەو سکاڵایەی دەرسیم دەستی پێنەکرد وەکو دەکرێ لە ڕوونکردنەوەکەی دەرسیم دا والێکبدرێتەوە). لە ڕاستیدا ئەوە هەرگیز بیرکردنەوەو بۆچوونی من نەبووە، بەڵکو ئەوە شێواندنی قسەکانی منە لەلایەن ئەوەوە، ئەگینا لە کوێ شتی وام باسکردووە؟ ئەوەی باسم کردنبێت ئەوەیە کە دوای ناردنی سکاڵاکەم بۆ سەرۆکی دادگای وڵات، ئەوان وەڵامی سکاڵاکەیان داومەتەوە و نووسیومە: (ئەوانیش بە مێژووی (04.10.2001) نامەیەکیان بۆ ناردووم کە سکاڵاکانی ڕۆژانی ئاماژە پێکراو لە سەرەوەیان بەدەست گەیشتووە و دەست بە لێکۆڵینەوە دەکەن (کۆپی نامەکە لە خوارەوە دادەنێم). دوای چەند ڕۆژێک هێنینگ فوزە بە تەلەفۆن پێی ڕاگەیاندم کە سکاڵاکەی منیان بۆ پۆلیسی غینگستیذ ناردووە، کە ئەوان ئەرکی لێکۆڵینەوەیان لە دۆسێی تۆمەتبار نزار خەزرەجی بە پۆلیسی ئەو شارە سپاردووە). ئاماژەم بە کۆپی نامەکە کردووە و کۆپیەکەشم داناوە کە دەبوایە شاخەوان نامەکەی بخوێندبایەوە، بۆئەوەی لەخۆیەوە شت بۆ من دروست نەکات، کە لە نامەکەدا هاتووە:

(jeg kan i den anledning oplyse, at jeg i går anmodet Statsadvokaten for Sjælland om at, indlede en strafferetlig efterforskning i sagen).

واتە: (سەبارەت بەو پرسە، دەتوانم ئاگادارت بکەمەوە، کە دوێنێ داوام لە داواکاری گشتی شێلاند کرد تا بەگوێرەی یاسای سزای تاوانەکان دەست بە لێکۆڵینەوەیەک بکات سەبارەت بە پرسەکە). بۆیە لە شاخەوان شۆڕش دەپرسم، ئایە سەرۆکی دادگای وڵات بەمشێوەیە وەڵامی سکاڵایەک دەداتەوە، بۆ باسی لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکەی نەدەکرد و باسی پرسێک دەکات، کە سکاڵاو پرس دوو شتی زۆر لێک جیاوازن، کە بێگومان پرسەکە پرسی دادگاییکردنی کردنی نزار خەزرەجییە لە دانمارک؟ کاتێک کە نووسیومە: (نامەیەکیان بۆ ناردووم کە سکاڵاکانی ڕۆژانی ئاماژە پێکراو لە سەرەوەیان بەدەست گەیشتووە و دەست بە لێکۆڵینەوە دەکەن، بەدڵنیایی مەبەستم لە پرسی دادگاییکردنی نزار خەزرەجی بوو، بەتایبەت کە ئاماژەم بە نامەکە کردووەو کۆپییەکەم داناوە، بۆیە نابوایە شاخەوان لێکدانەوەی تری بۆ بکردایە.

شاخەوان نووسیویەتی: (گۆران هەڵەبجەیی ئەرکی ڕاگەیاندنی لە ئەستۆدا بوو). ئەوەیان بەتەواوی ڕەتدەکەمەوە و گۆران هیچ ئەرکێکی ڕاگەیاندنی لە ئەستۆدا نەبووە، گەر وایە چەند (ئاسۆی دادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی) ئەو نووسیوێتی؟ ئایە چەند جار لەگەڵ ڕۆژنامە دانمارکی و کوردییەکان بەناوی کۆمیتەکە قسەی لەگەڵ کردوون، یان لێدوانی بۆ داون؟ گۆران هەڵەبجەیی ئەندامی کۆمیتەکە بووە، بەڵام ئەو لە ڕۆژانی دادگاییکردنی خەزرەجی دوو سێ جار ئامادەبووەو جارێکیشیان خەزرەجی هێنایە وەڵام کە ڤیدیۆکەی لە فەیسبووک داناوە، هەروەها چەندان بابەتیشی وەکو گۆران هەڵەبجەیی لەسەر پرسی دادگاییکردنی نزار خەزرەجی نووسیوە، بەڵام وەکو ئەوەی کە تۆ دەیڵێی گوایە: (گۆران هەڵەبجەیی ئەرکی ڕاگەیاندنی لە ئەستۆدا بوو)، زۆر دوورە لە ڕاستی، چونکە ئەویش وەکو نەوزاد مارف خەریکی کاری ڕۆژانەی خۆی بوو، کاتی نەبووە، بۆیە ئەو کارە و زۆربەی کارەکانی تریش (ئەحمەد عەزیز و خۆم) کردوومانە.

لە وەڵامی خاڵی دوازدەهەمی مندا، شاخەوان نووسیوێتی: (وەکو ئەو هاوڕێیە باسی کردووە ئەوەم نووسیە، نەمگوتووە تەواوی دۆسیەی نەزار خەزرەجیم بۆ دەرسیم نارد، نووسیم کۆمەڵێک دەکومێنتم وەرگرت و بۆم نارد. ئەوەشم نووسیبوو کەوا نازانم نامەکان لە ناو ئەو دەکومێنتانەدا هەبوون یان نا. بێ هیچ مەبەستێک و ئەوەی لەبیرم

بووە ئاماژەم پێداوە). هاورێکەی شاخەوان، لەسەر زاری ئەو بۆی نووسیوم کە شاخەوان بۆی باسکردووە کە گوایە شاخەوان تەواوی دۆسیەی دادگاییکردنی نزار خەزرەجی بۆ دەرسیم ناردووە (کۆپی نووسینەکانی ئەو هاوڕێیەی شاخەوان لای من پارێزراون، کە باسی تەواوی دۆسیەی نزار خەزرەجی دەکات گوایە شاخەوان بۆ ئەوی باسکردبێت کە بۆ منی ناردووە، کەچی شاخەوان باسی ئەوە دەکات کە کۆمەڵێک دەکومێنتی بۆ من ناردووە، لە وتاری ڕابردوودا باسم کردووە بۆیە لێرەدا نامەوێت بچمەوە سەری، بەڵام شاخەوان دەڵێ: (ئەوەشم نووسیبوو کەوا نازانم نامەکان لە ناو ئەو دەکومێنتانەدا هەبوون یان نا)؟ باشە شاخەوان خۆی لە ڕۆژی (6.5.2003)دا نامەی بۆ وەزارەتی دادی دانمارک ناردووەو داوای نامەی سەرکردە کورد و ئێراقییەکانی نەکردووە، ئەو داوای نامەی وەزیری دادی دانمارکی بۆ حکومەتی ئەمریکی، وەڵامی ئەوەی دووەمیانی بۆ وەزیری داد، کۆتا بڕیاری وەزارەتی داد سەبارەت بە ڕاکردنی خەزرەجی، هەوڵی دەستگیرکردنەوەو ڕادەستکردنەوەی بە دانمارک و هەرچی بڕیارێکی تری وەزارەتی داد کە داخراو نەبێت بۆ ڕاگەیاندن، بۆ کۆمیتەکە بنێرن، ئەی چۆن نازانێ کە نامەی سەرکردە کورد و ئێراقییەکانی بۆ نەهاتووە؟.

لە درێژەی خاڵی دوازدەهەمدا شاخەوان نووسیویێتی: (دەرسیم خۆی باسی ئەوە دەکات کە بەر لە دروستبوونی کۆمیتە نامەکانی دەستکەوتووە بەڵام بۆ ئەندامانی کۆمیتەکەی نەناردووە. دەنووسێت ئەو خۆی یەکەم کەس بووە نامەکانی بڵاوکردۆتەوە و بۆ ئەندامی کۆمیتە ئەحمەد عەزیزی ناردووە. دواتر ئەحمەد گلەیی لە شاردنەوەی نامەکانی لێکردووەو بۆتە ناخۆشی لەنێوانیاندا. ئەو بابەتە پەیوەندی بە کێشە و کارە ناوخۆیەکانی کۆمیتەکەوە هەیە، بۆیە بۆ وتارەکەی من گرنگی نییە). شاخەوان شۆڕش، دووبارە هەوڵی شێواندنی نووسینەکەم و تێکەڵکردنی شتەکان دەدات، چونکە لەسەر نامەکان تەنیا گلەیی کردووەو نەک نەبۆتە ناخۆشیمان بەڵکو تا کۆتایی نێوانمان زۆر باش و گونجاو بووە، بەڵام دوای بەلای کەمی (5-7) ساڵ و لە کۆتایی مانگی شوباتی ساڵی (2010)دا لە کوردستانەوە دووبارە داوای نامەکانی کرد، گوایە دەیەوێت پەرتووکێک لەسەر پرسی دادگاییکردنی نزار خەزرەجی بنووسێت و پێویستی بەو نامانە هەیە، دووبارە هەر چوار نامەم بۆی ناردەوە، کەچی دوای چەند ڕۆژێک لە ڕێکەوتی (01.03.2010)دا لە تەلەفزیۆنی (KNN) لە بەرنامەیەک سەبارەت بە (پرسی بەعەرەبکردنی شاری کەرکوک)، تەنیا باسی نامەکانی (دکتۆر فوئاد مەعسوم و جەلال تاڵەبانی) کرد و ئەوانەی (دڵشاد میرانی و ئیحسان عەبدولعەزیز)ی باس نەکرد، لەسەر بەکارهێنانی ئەو نامانە لەلایەن ئەحمەد عەزیز بۆ بەرژەوەندی سیاسیی خۆی بوو بە ناخۆشیمان، واتە ناخۆشی نێوانمان هیچ پەیوەندی بە کۆمیتەکەوە نەبووە، بەڵکو لەسەر ئەوەبوو کە ئەو لە مانگی شوباتی ساڵی (2010)دا بە فرتوفێڵ نامەکانی بۆ جاری دووەم لێوەرگرتم.

شاخەوان شۆڕش نووسیویێتی: (ئەگەر زانیاری زیاتر کە گرنگ بێت بۆ وتارەکە بێگومان دەیانخەمەسەر نووسینەکە، بۆ نموونە من نامەی مەسعود بارزانی کە بۆ بەرگری لە نەزار خەزرەجی ناردووە نەم بینیوە، ئەگەر دەستم کەوێت ئەویشی دەخەمەسەر).

مەسعود بارزانی خۆی نامەی نەناردووە بۆ دانمارک بە مەبەستی داکۆکی کردن لە تۆمەتبار نزار خەزرەجی، ئەوەی بە بیرم بێت تەنانەت بە نامەش داوام لە پۆلیس و دادگا کرد، هەروەها لە سەردانیشم بۆ نووسینگەی داواکاری گشتی بۆ تاوانە تایبەتە نێودەوڵەتییەکان (Statsadvokat for Særlige Internationale Straffesager)، پرسیارم لە ئێغیک هەنسن (Erik Hansen)ی جێگری کۆمسیاری تاوانەکان کردووە، وەڵامی ئەوان ئەوەبوو کە مەسعود بارزانی هیچ نامەیەکی لەو جۆرەی نەناردووە. لە هەوڵێکی (ئەحمەد عەزیز و خۆم)، لە کوردستان کەسێکی نزیکی مەسعود بارزانیمان ڕاسپارد کە ئایە ئەو هیچ نامەی بۆ دادگای دانمارک ناردووە، یان ئەو ئامادەیە بێتە دانمارک و شایەدی بۆ بێتاوانی نزار خەزرەجی بدات لە شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیاباران کردنی هەڵەبجە، کە چەند جارێک لە دادگادا پارێزەرەکەی خەزرەجی ئامادەیی بارزانی نیشاندا کە هەرکاتێ داوای بکەن دێتە دانمارک بۆ سەلماندنی بێتاوانی خەزرەجی. بەڵام وەڵامەکەی بارزانی کە بە ئێمە گەیشتەوە ئەوەبوو: (هەرچەندە داوای ئەوەم لێکرا کە نامە بنێرم، بەڵام نامەم نەناردووە بۆ دانمارک، هەروەها ئامادەش نیم بچم بۆ دانمارک بۆ بێتاوان نیشاندانی خەزرەجی لە ئەنفال و ژارباران هەڵەبجە لە دادگادا)، دێتەوە بیرم لە سەرەتای ساڵی (2003)دا ئەو وەڵامەی ئەومان لە ڕاگەیاندنێکی

کۆمیتەکەمان بڵاوکردەوە. بەڵام مەسعود بارزانی، لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (16.12.2001)دا، کە یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی موسڵمانان بوو، تەلەفۆنی بۆ نزار خەزرەجی کردبوو، گفتی پێدابوو کە هەموو هەوڵەکانی خۆی دەدات بۆ ڕزگارکردنی نزار لە دادگایی کردنی لە دانمارک و گەیاندنەوەی بە کوردستان، لەو ڕۆژەدا ژمارەیەک کورد لە ماڵی نزار خەزرەجی بووینە، سەرەتا (ح. ک) ئەوەی بۆ گێڕامەوە و گوتی: (ت. ز)ش لەوێ بوو، دواتریش ئەو قسەیەی (ح. ک)م بە (ت. ز) گوت و ئەویش پشتڕاستی کردووە کە لەو ڕۆژەدا لە ماڵەکەی نزار خەزرەجی بووە و نزار تەلەفۆنێکی بۆ هاتووەو بە (سيدي)، یان (سيادة الرئيس) وەڵامی داوەتەوەو دوای تەواوبوونی قسەکردنەکەش، نزار هەر خۆی بۆ میوانەکانی باسکردووە کە ئەوە مەسعود بارزانی بووەو گفتی دەربازکردنی پێداوە. گلەیی زۆرم لەوەی یەکەم (ح. ک) کرد کە سەردانی ماڵی نزار خەزرەجی کردووە، بەڵام ئەوەی دووەم لەوەش زیاتری لێ ڕەچاو دەکرا، تەنانەت کارکردنیش لەدژی کۆمیتەکەمان بۆ بەرژەوەندی نزار خەزرەجی و هیچ متمانەیەکم پێی نەبوو.

نازانم کێ باسی ئەوەی کردووە کە مەسعود بارزانی نامەی بۆ دادگای دانمارک ناردووە، کە خۆم لەو باوەڕەدا نیم هیچ نامەیەکی ناردبێت. دیارە شاخەوان زۆر دڵنیایە لە ناردنی نامەیەکی لەو جۆرە، بۆیە بە متمانە بەخۆبوونەوە دەنووسێت: (من نامەی مەسعود بارزانی کە بۆ بەرگری لە نەزار خەزرەجی ناردووە نەم بینیوە، ئەگەر دەستم کەوێت ئەویشی دەخەمەسەر)، بۆیە ڕوونکردنەوەی زیاتر لای شاخەوان شۆڕش-ە کە ئەو لە کوێ بیستوویەتی، یان لە چ سەرچاوەیەک ئاماژە بە ناردنی ئەو نامەیە کراوە، با ئاماژە بە تەواوی سەرچاوەکە بدات.

دەرسیم پێشەوا
سێشەممە (26.07.2022)
دانمارک